# شیعری(ئۆپەرێتی گۆڕانکارییەکانی گورگ)ی لەتیف هەڵمەت لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا

**ناهیدە حسێن عەبدولڕەحمان**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: nahida-barzinji@uor.edu.krd

## پوختە:

بێگومان هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێکی ڕەخنەیی نوێیەو لە پاش بونیادگەری سەریهەڵداوە، کار بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەق دەکات. ئەم میتۆدە، کار لەسەر فرە ڕەهەندی دەق دەکات و سەنتەرگەرایی دەق تێکدەشکێنێت. ناونیشانی توێژینەوەکە {شیعری(ئۆپەرێتی گۆڕانکارییەکانی گورگ)ی لەتیف هەڵمەت، لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا}، هەوڵێکی ئەکادیمییە، بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم دەقەی لەتیف هەڵمەت، لەبەر ڕۆشنایی ئەم میتۆدەدا.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە هیچ شێوەیەک، بۆ ژیان و ژینگەی نوسەر قوڵ نابێتەوە، بەڵکو پێیوایە دەق بونیادێکی زمانەوانی سەربەخۆیەو لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا پاڵنەرە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەق، وەکو لایەنی دەروونی، بیرو ئایدیای نوسەر، مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی لە دایکبوونی دەق...هتد پشتگوێدەخات. هاوکات دەسەڵاتی تەواو دەدات بە خوێنەر، کە واتای نوێ لە چوارچێوەی دەقدا بەرهەمبهێنێت و پێیوایە دالەکانی ناو دەق، بێ کۆتا واتا لەخۆ دەگرن، ئەمەش پشت دەبەستێت بە پاشخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مەعریفەی خوێنەر.

**وشە کلیلییەکان**: میتۆد، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، دال و مەدلول، ئازادی خوێنەر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# پێشەکی

بێگومان هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێکی ڕەخنەییە و پاش بونیادگەری سەریهەڵداوە، کار لەسەر ڕاڤە کردن و شیکردنەوەی دەق دەکات، تاکو بە واتای نوێ بگات و کۆدەکانی ناوەوەی دەق تێکبشکێنێت. (جاک دریدا) بە ڕابەری ئەم میتۆدە دادەنرێت، کە توانیویەتی ئەم میتۆدە بکات بە میتۆدێکی ڕەخنەیی مۆدێرن و ڕۆڵێکی گرنگ لە بواری ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دەقدا بگێڕێت. ئەم میتۆدە بە بەراورد بە میتۆدەکانی تر تازەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین لە بواری ڕەخنەی کوردیدا توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە، ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆخوێندنەوەو ڕاڤەکردنی بەشێک لە دەقی شیعری (ئۆپەرێتی گۆڕانکارییەکانی گورگ)ی- لەتیف هەڵمەت - لەبەر ڕۆشنایی ئەم میتۆدەدا.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** خۆی لە {دەقی شیعری (ئۆپەرێتی گۆڕانکاییەکانی گورگ)ی لەتیف هەڵمەت لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا) دەبینێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم تویژینەوەیەدا، پەیڕەوی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کراوە، واتا بە پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بە شێوەیەکی کرداری کار لەسەر بەشێکی دەقەکە کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام، توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا چەمک و پێناسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خراوەتەڕوو. لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدان و فەلسەفەی میتۆدەکە کراوە. تەوەری سێیەمیش تایبەت کراوە بە پراکتیزەکردنی بەشێک لە دەقەکە بە پێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک خراونەتەڕوو لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## تەوەری یەکەم/ چەمک و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

بێگومان هەموو میتۆدێکی ڕەخنەیی لە زەمینەیەکی ئەدەبی و مەعریفی گونجاودا سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات. هەڵوەشاندنەوەگەرایی (Deconstruction) وەک ستراتیژییەتێکی خوێندنەوەی گوتارە فەلسەفی و ئەدەبی و ڕەخنەییەکان، لە پاش بونیادگەری لە زەمینەیەکی فەلسەفیدا سەریهەڵداو دواتر وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی، گوێزرایەوە بۆ بواری زمانەوانی و ئەدەبی. (( دەرکەوتنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک ستراتیژییەتێکی قۆناغی دوای بونیادگەری بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو خاڵە لاواز و پڕ ئاریشانە بوو، کە بونیادگەرییەکان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو، هەروەها دانانی سنوورێک لەبەردەم بەبتبوونی دەق و داخرانی دەق))(حەسەن، گەردی: ٢٠١٢، ١٩٣). ئەمەش لە ڕێگای بایەخدان و بەرز کردنەوەی ئاستی خوێنەر، بۆ بەشداری پێکردن، لە هەڵوەشاندنەوەی دەق و دووبارە بونیادنانەوەیدا. ((زۆرێکیش لە ڕەخنەگران هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە میتۆد دانانێن، چونکە دەڵێن: پتر لە ڕێبازێکی فەلسەفی دەچێت. بەڵام خودی کارکردنی هەڵوەشانەوەگەرایی بۆ ڕەتدانەوەی مێتافیزیکای ڕۆژئاوا جۆرێکە لە میتۆد))(مەنتک:٢٠١٨، ١٢٤). کەواتا هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک میتۆدێک، پاش بونیادگەریی، بۆ خوێندنەوەی دەق بەکارهاتووە. میتۆدیش لە واتا گشتییەکەیدا پانتاییەکی بەرفراوانتری هەیە، کە دەشێت بڵێین لە هەر بوارێکی دیاریکراودا واتاو پێناسەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت. ((میتۆد واتا ئەو ڕێگەو ڕێبازەی، کە لە پێشکەشکردن و خستنەڕووی بابەتێک پەیڕەو دەکرێت))( ڕەشید: ٢٠١٨، ٧).

شارەزایانی بواری ڕەخنەی ئەدەبیش، بە بۆچوونی جیاوازو زاراوەی جیاوازەوە، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبییان پۆلێنکردووە. دیارە هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە، بۆ جیاوازی ئەو بنەما و پێوەرانەی کە پۆلێنکردنەکەی لەسەر بنیادنراوە. بۆ نمونە لە ڕوانگەی گرنگیدان بە پێکهاتەی هونەریی و خودی دەقی ئەدەبییەوە، میتۆدەکانی ڕەخنە دابەشدەبن بە سەر:((آ– ڕەخنەی دەرەوە: .. ئەم زاراوەیە ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییانە دەگرێتەوە کە لە میانی شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبیدا، پتر گرنگی دەدەنە ژیاننامەو ئایدۆلۆژیاو باری دەروونی و کۆمەڵایەتی نوسەرەکەی. ب–ڕەخنەی ناوەوە:.. گرنگی دەدەنە شیکردنەوەی ڕەگەزە هونەرییەکانی خودی دەقی ئەدەبی. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە دەقی ئەدەبیی خاوەنی ئەرک و ئامانجێکی ئیستاتیکییە)) (ڕەشید: ٢٠١٨، ٥٦) هەر لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین هەڵوەشاندنەوەگەرایی، سەر بە ڕەخنەی ناوەوەیە. کار لەسەر خودی دەق دەکات و پەیوەستی ناکات بە ژیان و ئایدۆلۆژیاو باری کۆمەڵایەتی و دەروونی نوسەرەوە.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی گومان لە زۆربەی تیۆرە جێگیرەکانی پێش خۆی دەکات، پێیوایە دەق خاوەنی ژمارەیەکی بێ کۆتای ڕاڤەکردنی گونجاوە. واتا لە خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا، کۆتا خوێندنەوە ناخرێتەڕوو، بەڵکو چاوەڕێی هاتنی خوێندنەوەی دیکەیە، چونکە زمان کۆمەڵێک دالەو مەدلولی جیاواز لەخۆدەگرێت. ئەم جیاوازییەش وەک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

جێکەوتەیەکی ڕەسەن دەناسرێت، کە خوێندنەوەی دەق پێیدەبەخشێت و پێناسەیەکی دیاریکراوی نیە. (ادوارد سعید) لە بارەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە دەڵێت: ((ئەوان لە دەقدا گرژی و دژو بێهاوتایی دەبینن، پێیان وایە میتۆدە کلاسیکییەکان کار لەسەر هەڵبژاردنی دەلالەتێکی دیاریکراو دەکەن، بەڵام ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوە کاری تێکدانی کۆ دەنگی دەلالەتەکانە، بەوەی ڕێگا خۆش دەکەن بۆ فرە واتایی))(بەرزنجی:٢٠١٤، ٣٤) واتا دەق دەبێتە گۆڕەپانی ناتەبایی، نەک کۆدەنگی، گۆڕەپانی جیاوازی نەک یەکگرتوویی، گۆڕەپانی تەقینەوەی واتاکان، نەک سنووردارکردن و دیاریکردن. لەم میتۆدەدا ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی، هیچ کات ناگات بە دوا ئەنجام و دوا واتا، بەڵکو (ڕەخنەگر- خوێنەر- دەق) بەردەوام لە بەرهەمهێنانی واتای نوێدا، کاردەکەنە سەر یەکدی. هەڵوەشاندنەوەگەرایی کاردەکات((بۆ گەیشتن بە واتای نوێ، دەق پارچە پارچە دەکات بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و دووبارە ڕۆڵی واتایی سەرەکی و لاوەکی نوێ بەرهەمدێنێت، بە پێچەوانەی واتای سەرەکی دەقەکە. ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دروست دەکات لە توانای بەرهەمهێنانەوەی دەلالەتی نوێ و جیاواز و دژ و پێچەوانەی بێکۆتایی)) (مەحمود: ٢٠١٨، ٥٤٦). واتا دەق بەردەوام خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

لای ڕەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ((زمان ئەرکێکی عەقڵانی و مەعریفی هەیە، بۆیەش پێویستی بە خوێنەری ڕۆشنبیر هەیە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەو ڕاڤەی دەق بکات، چونکە ئەم میتۆدە لەسەر بنەمای گومانگەرایی دامەزراوە، هەوڵی تێکدانی یەک واتایی دەدات، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەرچی شتێک، کە بە سەنتەر بووە دەدات، بە هۆی ئەمانەوە هەوڵی دۆزینەوەی دەلالەتە شاراوەکان، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەق دەدات))(مەنتک ٢٠١٨، ١٢٦).

لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا پێویستە هەمیشە خوێنەر گومانی هەبێت، لەوەی دەشێت لە دێڕەکانی هەر دەقێکدا واتایەکی نهێنی خۆی حەشار دابێت، کە بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە، چونکە بە بڕوای هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هیچ مەدلوولێکی ڕەها بوونی نیە. خوێندنەوەکانیش لە ئاستی جۆراوجۆردا بە پێی پاشخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مەعریفەی خوێنەر، خۆیان دەنوێنن و تەنیا لە بنیاتی ڕووکەشی دەقدا نامێننەوە، بەڵکو هەوڵدەدەن بە بنیاتی قووڵی دەق بگەن. واتا ناگەڕێنەوە بۆ مەبەستی نوسەر، بەڵکو دەیخەنە ژێر فشاری ستراتیژی ئاڵۆزی نێوان خوێنەر، کە مەعریفە و توانای داهێنەرانەیە، لە لایەکی تریش دەق و دەلالاتی بێکۆتا. ئەم بەیەکداچوونەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ستراتیژییەتێکی خوێنەرانە. کە خۆی دەبینێتەوە لە دۆزینەوەی تواناکان و دروست بوونی دیالۆگێکی کراوە. ((هەڵوەشاندنەوەگەرایی لێدانێکی بونیادگەری بوو، چونکە توانی پایەی خوێنەر بەرز بکاتەوە...ئەمان جەختیان لەسەر هەڵوەشاندنەوە لە یەک و دوورکەوتنەوە لە ناو دەقی ئەدەبیدا دەکرد، ئەو بۆچوونەیان ڕەتکردەوە، کە خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ دەق هەبێت بەڵکو جەختیان لەسەر لایەنی فرە خوێندنەوەیی دەکرد))(حسەین: ٢٠٠٨، ١٥١). کەواتا هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵدەدات ستراتیژی خۆی بەسەر دەقدا بسەپێنێت، بە واتای ئەوەی کە دەقەکان لە خودی خۆیاندا شیاوبوونی خۆ هەڵوەشاندنەوەیان تێدا چەسپێنراوە، بۆیە هزرێکی دروست نییە، ئەگەر لە خوێندنەوەدا تەنها


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پشت بە یەک جۆر لە خوێندنەوە، یاخود دوا خوێندنەوەو تێڕوانین ببەسترێت. (دریدا) پێیوایە خوێنەر بەرهەمی دەقە نەک نوسەر. هەروەک دەڵێت: ((هیچ شتێک لە دەرەوەی دەق بوونی نییە))(مەنتک ٢٠١٨، ١٢٥) ئەمەش ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە، کە لە دەرەوەی دەق بە دوای واتای دەقدا دەگەڕان. واتا نقومبوون لە ناو دەلالات و کارلێک و جیاوازییەکانی ناو دەق بە هاوکێشەکانی دەقمان دەگەیەنێت، بەبێ ئەوەی ڕەخنەگر بگەڕێتەوە بۆ ژیان و ژینگەو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیای نوسەر. چونکە ئەم میتۆدە لە کاتی شیکردنەوەی دەقدا هەموو شتێکی نائامادەگی ناو دەق ڕەتدەکاتەوە. هەڵوەشاندنەوە بە گوێرەی واتا فەرهەنگییەکەی (( دارمان و ڕوخاندن و شیتەڵکاری دەگەیەنێت، بەڵام لە بارەی ئاستی دەلالی قوڵەوە، دۆزینەوەی نەسەقە هزرییەکان دەگەیەنێت، بەبێ هیچ بایەخدانێک بە نوسەری دەق)) (هەڵمەت: ٢٠٠١، ١٤٦-١٤٧)

هەڵوەشاندنەوەگەرایی پێیوایە؛ دەق فرە ڕاڤەیە، واتا تەنیا یەک شیکردنەوە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو چەندین شیکردنەوەو ڕاڤە لە خۆ دەگریت. ئەمەش چێژێکی تایبەتی هەیەو لەگەڵ خوێندنەوەی نوێدا بەردەوام شتی نوێی تێدا بەدیدەکرێت. بەپێی ئەم میتۆدە دژواتاکان لە چوارچێوەی دەقدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو دوانە دژواتایانە هەوڵدەدەن واتاکان لە خۆیاندا پاوان بکەن، دواجار دەبنە خاڵێکی نەگۆڕ بۆ جیهانبینی.واتا دەق(هەمیشە جێگای مشتومڕو ناکۆکی و لێکدانەوەی جیاوازو سنور بەزاندن و دەرچوون بەرکەوتن و دژ یەکییە) (الحرب: ٢٠٠٥، ٢٧). ئەو دووانە دژ واتایانە پێچەوانە دەبنەوەو هەوڵ دەدەن تا کۆتایی واتای نەگۆڕ هەڵبوەشێننەوە. کەواتە ((ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە بەو سیفەتە دادەمەزرێت، کە ڕێگەیەکە بۆ تێڕوانین و سەرنجدان لە گوتار لەگەڵ پێدراوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و بونیادگەرییە، وەسفییەکاندا نیە، ئامانجی بەگەڕخستنی ئەندێشەو کردنەوەی ئاسۆی نوێیە لە بەردەم کاری داهێنەرانەدا))(قطوس: ٢٠١١، ١٩١)

لە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا ((پەیوەندی بەردەوامی نێوان ڕەخنەگر/ خوێنەرو دەق گرنگی پێدەدرێت. ڕەخنەگر دەیەوێ لە ڕێی ڕۆچوونە ناو دەقەوە کۆمەڵێ پرسیار بکات، کە ڕووبەڕووی ئەو هێزو ئایدۆلۆجیایە ببێتەوە، کە دەستی بەسەر دەق و ڕەخنەدا گرتووە)) (مەنتک: ٢٠١٨، ١٣٨). هەروەها هەڵوەشاندنەوەگەرایی چەند بنەمایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەق، کە دیارترینیان بریتییە لە جیاوازی (الاختلاف) و سەنتەری دەق، کە ڕەخنەگر دەتوانێت لێرەوە بچێتە ناو قوڵایی دەقەکەوەو ((لە ڕێگەی ستراتیژیەتەکانییانەوە جارێکی تر مانا کۆنەکان وردو خاش بکەن و مانای نوێ و ڕەهەندی نوێتر لە شوێنیان دابمەزرێنن))(حەسەن: ٢٠١٠، ٣٠)

هەڵوەشاندنەوەگەرایی واتا (هەڵوەشاندنەوەو تێک و پێکدانی دەق، پاشان خستنە نێو ململانێیەکی جیاوازەوە لەگەڵ خودی دەقەکەدا، لەبەر ئەوەی هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە وروژاندنی دژیەکان و لێپرسینەوە لە خودو بابەت)(حمداوي: ٢٠٠١، ٣٨)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە تیۆری وەرگرتن ڕێگە خۆشکەربووە، بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هەردووکیان ئەوەندە بە ناو یەکداچوون، بە جۆرێک کە هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە، هەر دووکیان یەک شتن. دەکرێت بڵێین، ((هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە هەندێک ئامانجدا لەگەڵ بنەماکانی تیۆری وەرگرتندا یەکدەگرێتەوە، بە تایبەتی لە بواری ئازادکردنی پرۆسەی خوێندنەوەدا)) (قطوس: 2011 ,192) بەڵام کۆمەڵێک جیاوازی ئاشکراش هەیە، کە لە فەلسەفەی هەریەکە لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی و تیۆرەکانی وەرگرتندا هەستیپێدەکرێت، ئەمەش وا دەکات هەریەکەیان وەکو تیۆرو میتۆدێکی سەربەخۆ کاربکەن .

بەم شێوەیە دەبینین هەڵوەشاندنەوەگەرایی خوێندنەوەیەکی دوو لایەنەیە، هەوڵدەدات توێژینەوە بۆ هەموو دەقێک بکات، یەکەم جار خوێندنەوەیەکی تەقلیدی بە مەبەستی سەلماندنی واتا ڕوونەکەی، دواتر هەوڵدەدات ئەو واتایەی کە پێیگەیشتووە هەڵبوەشێنێتەوە، بەمەش خوێندنەوەیەکی دژ بە یەکەم بەرهەمدێنێت. لێرەشەوە کەلێنێک دەکەوێتە نێوان واتای ڕوون و واتای شاراوەی دەق. هەروەها ئەو واتایەی کە خوێنەر بە دەستیدەهێنێت، پێویستە لە چوارچێوەی واتای دەقەکەدا بێت، بەمەش ڕایەڵەیەکی پەیوەندی دروستدەبێت، بە جۆرێک کە واتا بە دەقەکەوە دەبەستێتەوە.

## تەوەری دووەم/ مێژووی سەرهەڵدان و فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

مێژووی سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ڕەخنەی هاوچەرخدا، دەگەڕێتەوە بۆ((ئەو کۆنفرانسەی زانکۆی جۆن هۆبکنز (Johns Hopkins) لە سەر بابەتی" زمانە ڕەخنەییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان" لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٦دا سازیکرد. ئەم مێژووە یەکەم بانگەوازی لە دایکبوونی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بوو))(قطوس: 2011، ١٩٣). ئەمەش لەسەر دەستی فەیلەسووفی فەڕەنسی جاک دریدا بوو. کە ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی هزری بونیادگەری کرد، ((دوای ئەو ساڵە سێ کتێبی گرنگی بڵاو کردەوە، ئەوانیش زانستی نووسین (علم الكتابة) و کەلام و دیاردەکان (الكلام والظواهر) نووسین و جیاوازی (الكتابة والاختلاف)، کتێبی یەکەمیان هێرشی کردۆتە سەر بونیادگەری و کتێبی دووەمیان ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی دیاردەگەرایی (هۆسرل) بوو، کتێبی سێیەمیان خۆی لە یانزە وتاردا دەبینێتەوە و هێرشیدەکردە سەر بونیادگەری و دیاردەگەرایی)) (مەحمود: ٢٠١٨، ٥٤٨). کەواتە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە کۆتایی شەستەکاندا، وەک ستراتیژییەکی تازە و ڕوانگەیەکی نوێ بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق سەریهەڵدا.

دواتر ((یەکەم بایەخدان بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەب لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکاندا.)) (بەرزنجی:٢٠١٤، ٣٧) ئەمەش لە ژێر کاریگەری هەوڵ و بۆچوونەکانی (جاک دریدا)دا. هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەمریکا لە سەر دەستی دوو ڕەخنەگر(پاول دی مان و هیلیس میلەر) سەریهەڵدا، کە بەپێی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

میتۆدێکی ڕەخنەیی دەقی کۆمەڵێک شاعیرو ڕۆماننوسیان خوێندەوە. ((لەو ڕەخنەگرە دیارە ئەوروپییانەی، کە بەشدارییان کرد لە ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەدا، ڕەخنەگری فەڕەنسی (ڕۆلان بارت)ە. ناتوانرێت ڕۆلان بارت لە ناو یەک چوارچێوەدا سنووردرابکرێت، چونکە....کۆت و بەندە ئەکادیمییەکان نەیان بەستوەتەوە، تەنانەت زۆر جار ئەستەمە بتوانرێت بدرێتە پاڵ یەک میتۆد، چونکە بەشداریی لە زۆربەی شەپۆلە ڕەخنەییە هاوچەرخەکاندا کردووە))(قطوس: 2011، ١٩٥). کەواتە لە فەڕەنسا سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەدرێتە پاڵ دریدا، چونکە چەمکەکانی خستەڕوو و ستراتیژییەتەکەی دامەزراند، بەڵام ڕۆلان بارت وەک ڕەخنەگرێکی داهێنەر و تیۆرداڕێژێکی کارامە دەردەکەوێت.

سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لای عەرەبەکانیش((دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە بەرهەمەکانی کەسانی پێشەنگی وەک (ڕۆلان بارت)و (جاک دریدا) وەرگێڕدران بۆ زمانی عەرەبی، هەندێ لە لێکۆڵەران یەکەم توێژینەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥ز کاتێک (عبدالله محمد الغذامي) لە کتێبی (الخطيئه والتكفير) دا باسی میتۆدە ڕەخنەییە زمانەوانییەکان دەکات))(بەرزنجی:٢٠١٤، ٣٦). بەم شێوەیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا و لە ساڵانی هەشتاکاندا گەشەیکرد و گەیشتە وڵاتانی عەرەبیش. لە ساڵانی نەوەدەکانیشدا زیاتر خۆی چەسپاند و بڵاو بووەوە. دیارە ئەدەبی کوردیش بە کاریگەری میتۆدە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ و جیهان بە گشتی، ئەم میتۆدەی پێگەیشتووە. ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە بۆ ((هەنگاوەکانی نێو فەزای ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردی.. لە سەرەتاو دەسپێکی هێنانە ناوەوەی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک یەکێک لە چەمکە ڕەخنەییەکان، جا چ لە ڕووی توێژینەوەو نووسین و وتار بێت، یان لە ڕووی وەرگێڕانەوە بێت، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە کارەکانی هەندێک لەو نووسەرو توێژەرانە بدەین.. لەوانە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، عبدالخالق یعقوبی، ئازاد حەمە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، ئازاد سوبحی، عەتا قەرەداغی...))(حەسەن: ٢٠١٠، ١٨-١٩)، ئەمانە جێ پەنجەیان دیارە، لە بواری هێنانە ناوەوەو ئاشناکردنی چەمک و زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ نێو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی .

ئەگەر باسی فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بکەین، دەبینین ڕەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوە گەرایی((نایانەوێ بناغەی فەلسەفەیەکی نوێ، تیۆری ئەدەبییەکی نوێی لێکدانەوە، یان قوتابخانەیەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی دابمەزرێنن. لە بری ئەمانە، ئەوان ستراتیژییەکی خوێندنەوە دەدەن بە دەستەوە کە ڕێگامان پێدەدا، ئەو شتانە هەڵبژێرین کە پەیوەندییان بەو ئاستە جۆراو جۆرانەی ڕاڤەوە هەیە، کە دەزانین لە نێو دەقدا بەکارن)) (برێسلێر: ٢٠٠٧، ١٦٣). واتا پێیانوایە هەموو ئاستەکان بەها و بایەخی خۆی هەیە، هاوکات بە هۆی تاووتوێکردنی ئەو دوانە لێکدژانەی کە بەسەر دەقەکەدا زاڵن، نابێت واتای دەق دوا بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵکو واتای دەق بێکۆتایە و خۆی دەبەستێتەوە بەو کات و مێژوویەی کە خوێنەری تێدا دەژی. ((دەق هەرچەندێ بخوێنرێتەوەو ماناکانی ڕاڤە بکرێ، هێشتا بواری زۆرتر بۆ خوێندنەوەی ترو ڕاڤەی جۆراوجۆری تر دەمێنێ.)) (حەسەن، گەردی: ٢٠١٢، ١٩٨).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دیارە ئەدەب و فەلسەفە لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە دەیانەوێت وێنایەک لە وێناکانی نوسەر بۆ دەوروبەر بخەنەڕوو. کەواتە ئەدەبیش بابەتێکە لە بابەتەکانی فەلسەفە. هەر لە سەرەتاوە جاک دریدا (ڕەخنەی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا گرتووە، کە لە ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات تا هایدگەر، بەوەش تۆمەتباریکردوون، کە فکری فەلسەفی خۆرئاوا گردبوونەوەیەکی مەنتیقییە (گردبوونەوە لە دەوری لۆگۆس) کە لەسەر بنەمای دانە لێکدژەکانە. وەک(ئاخاوتن-نووسین)، (ئامادە- نائامادە)، (واقیع- خەون) (الدرکاوي: ٢٠١١، ٥٩) دواتریش بە هۆی چەمکە نوێیەکانی وەکو جیاوازی و دواخستن و داڕوخانی گردبوونەوە، لە دەوری عەقڵ (Logocentrism) بنەما فەلسەفییەکەی دامەزراند.

دیارترین کاریگەری فەلسەفەی دریدا لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا، لای ڕەخنەگرانی (زانکۆی ییل) بوو لە ئەمریکا، بە تایبەتی(پاول دی مان)، چونکە ناوبراو (بە پشت بەستن بەو وتەیەی دریدا بەوەی، کە ئەدەب دەتوانێت وەک بزوتنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەیی خودی دەق سەیری بکەین.. پاول دی مان لەگەڵ ئەوەی کە واتاکەی دەخستەڕوو، پاشان لە هەمان کاتدا دایدەڕمان) (عناني: ٢٠٠٣، ١٤٥). واتا (پاول دی مان) دەقی بە جۆرێک دەبینی، کە بەردەوام حاڵەتی (ناخوێندنەوەیی) تێدا دەمێنێتەوە، کاتێک خوێنەر شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو هەناوی دەق، دەگات بەو ڕاستییەی، کە ئاستی ژێرەوەی هەر دەقێک پڕە لە درزو کایەی کپکراو. ئەوە خوێنەرە (( لە توانایدا هەیە سەرجەم ئەو درزو ناوچە بێدەنگانەی بونیادی دەق بە مانا پڕ بکاتەوە))(حەسەن، گەردی: ٢٠١٢، ١٩٨) . لەهەڵوەشاندنەوەگەراییدا دەق سنورەکان تێکدەشکێنێت و واتای ڕووکەشی دەقەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئیدی ئەو دەقانە بە هۆشیاری دەقنوس نووسرابێت، یاخود بەرهەمی نەستی نوسەر بێت. ((هەڵوەشاندنەوەگەرایی پرۆژەیەکە زۆر نزیکە لە هزری فەلسەفییەوە، بە کلتورو هزری ڕۆژئاواوە لکاوە... یاخیبوونێکیشە لە ڕووی بونیادگەریدا، چونکە بونیادگەراییەکان کۆششیان کردووە بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر دەلالەتەکانی ناو دەقدا، پشتیان بە زمان بەستووە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەگەرایی جەخت لە ناکۆتایی دەلالەت لە دەقدا دەکاتەوە))(مەحمود: ٢٠١٨، ٥٤٩).

ئەوە دەزانین کە (( هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە بناغەدا میتۆدێکی فەلسەفەیە، ئامانج لێی ڕزگار کردنی گوتاری فەلسەفییە لە سەنتەری میتافیزیکی، هێنانی ئەم زاراوەیە بۆ کێڵگەی توێژینەوە ئەدەبییەکان دەتوانێ یارمەتیدەری ڕەخنەگری ئەدەبی بێت، تا بەرەو قوڵایی میکانیزمەکانی دەق بڕوات))(بەرزنجی: ٢٠١٤، ٤٤). هەڵوەشاندنەوە تیۆرێکە ئامانجی بەرهەمهێنانی لێکدانەوەیە بۆ خودی دەقەکان. ((نووسین- جیاوازی- دواخستن (الکتابة) (الاختلاف) (الارجاء) ئەمە ئەو سێ بنەمایەن، کە جاک دریدا دایهێناون... نووسین لای دریدا چەمکی ترادیسیۆنی و باو ناگەیەنێ، (پیت) یان نەخشی بینراو، نووسین دەبێت بە سەنتەر، تا پێش قسەکردن بکەوێت و بچێتە گفتوگۆیەکی ئاشتیخوازانەوە لەگەڵ زماندا))(بەرزنجی: ٢٠١٤، ٤٩). کەواتا هەڵوەشاندنەوەگەرایی جەخت لەسەر نووسین دەکاتەوە نەک گوتن. بە واتایەکی دی ئەو ڕاڤەکردنە جیاوازانەی، کە لەلایەن خوێنەرەوە دەکرێت پێویستی بە نووسین و تۆمارکردنەو دەچێتە ناو پرۆسەی نووسینەوە، بەمەش بازنەی نووسین و لێکدانەوەکان فراوان دەبێت بەپێی ژمارەی خوێنەرەکانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دەکرێت بڵێین نوسەر و خوێنەر تەواوکەری یەکترین و لە پرۆسەیەکی بەردەوامدان و ڕۆڵی یەکتری دەگێڕن. واتا (نوسەر- خوێنەر- نوسەر)، بەمەش دەچینەوە سەر هەمان پێوەری هەڵوەشاندنەوەگەرایی، کە دال و مەدلول هەمیشە گۆڕانیان بەسەردا دێت و بە جێگری نامێننەوە. (دال- مەدلول – دال).

بەم شێوەیە خوێنەر بەرهەمهێنەرە نەک بەکارهێن و خۆی بە دەقدا هەڵنەواسیووە، بەڵکو لە دەقدا بەردەوام دال و مەدلول لە بەردەم خوێنەردا کراوەن و واتای جیاواز دەبەخشن. واتا هەموو خوێندنەوەیەک خوێندنەوەیەکی تر هەڵدەگرێت. بەمەش دەق بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ((دەقی زیندوو ئەو دەقەیە، کە بارگاوییە بە مەعریفەو ئێستاتیکای زمانەوە، چەندە کارابین لە شۆڕبوونەوە بۆ هەناوی دەق و ئاستی ژێرەوەی زمان، ئەوەندە کاراتر دەبین لە هەڵوەشاندنەوەی بونیادی ئامادەیی دەق و هەڵگرتنەوەی مانا شاراوەکانی زمان.. کە بە فیکرو مەعریفە ڕووپۆش کراون)). (حەسەن، گەردی: ٢٠١٢، ١٩٥) بەم شێوەیە ناکرێت قسە لەسەر تەواوبوونی واتای دەق بکرێت، هەر کاتێکیش بگوترێت دەق تەواوە، ئەوا دەق دەوەستێت و دەمرێت، ئەمەش لەگەڵ سروشتی ئەدەبی بوونی دەقدا ناگونجێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## تەوەری سێیەم/ پراکتیزە کردنی شیعری(ئۆپەریتی گۆڕانکارییەکانی گورگ)ی لەتیف هەڵمەت لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە گەراییدا

دیارە خوێندنەوەی دەق لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە، هەروا خوێندنەوەیەکی سادەو ساکار نیە، بەڵکو بە واتای سەرلەنوێ نووسینەوەو بەرهەمهێنانەوەی دەق دێت. واتا خوێندنەوە جۆرێکە لە دووبارە نووسینەوەی ئەوەی کەسێکی تر نووسیویەتی، ئەگەر خوێندنەوە بەم شێوەیە نەبێت، ئەوە خوێندنەوەیەکی داهێنەرانە نابێت.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی سەربەستی دەدات بە خوێنەر، بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکان، بەپێی ئەو بنەمایانەی کە (جاک دریدا) دیاریکردووە. ئەو سەربەستییەی کە خوێنەر لە ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا هەیەتی، ئازادی دەکات لە خۆبەستنەوە بە فۆرم و شێوازە کلاسیکییەکان، بەمەش جیهانبینی خوێنەر و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەکانی فراوانتر دەبێت. بێگومان ئەمەش پشتدەبەستێت بەو پاشخانە ئەدەبی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەی خوێنەر، کە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەقەکەدا. هەروەها بەپێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کاتێک دەقێک ڕاڤەدەکەین، ناکرێت تەنیا لە یەک گۆشە نیگاوە سەیربکرێت، بەڵکو خوێندنەوەی دەق لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە، پانتاییەکی فراوانی هەیە و خۆی لە پاشخانی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیای دەقەکەدا دەبینێتەوە. ئێستاش هەوڵدەدەین بەشێک لە دەقی شیعری (ئۆپەریتی گۆڕانکارییەکانی گورگ)ی لەتیف هەڵمەت بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بخوێنینەوە و قسەی لەبارەوە بکەین:-

### ئۆپەریتی گۆڕانکارییەکانی گورگ

***گورگ... ڕەشە... سورە...زەردە... پەمەییە**

**سەوزە... شینە... کاڵە... مۆرە**

**گورگ سپیە**

**پەڵە پەڵەیە... بۆرە**

**گورگ ڕەنگ و چەشنی زۆرە...**

**- هەر ڕەنگێ بێ**

**- هەر چەشنێ بێ**

*** هیچ کێشەیەکی نیە گورگ**




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**جگە لە کێشەی ناو لنگ و ورگ (هەڵمەت: ٢٠١٤، ٦٤٥)**

***

کە سەیری دەقەکە دەکەین، هەست بە واتای دیار و نادیاری دەقەکە دەکەین. واتا دیارەکان خۆیان لە وشە فەرهەنگییەکاندا دەبیننەوە، واتا ئەم وشانە دەبن بە دال و مەدلولی تر لە خۆ دەگرن.

ئەگەر لەڕوانگەی جیاوازییەکان (الاختلاف)، کە یەکێکە لە پرنسیپە گرنگەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، جارێکی تر بڕوانینە دەقەکە. دەبینین (گورگ) تەنیا گوزارشت لە واتا فەرهەنگییەکەی ناکات، بەڵکو گورگ تەنیا دالێکەو چەندین مەدلولی جۆراو جۆری لە ناو خۆیدا حەشارداوە. لەوانە:




واتا دالەکان واتای بێ کۆتایی لەخۆدەگرن، خوێنەر دەتوانێت واتای فەرهەنگی وشەکان هەڵبوەشێنێتەوەو واتای تریان پێببەخشێت. ئەگەر لە ڕوانگەی سەنتەری دەقەوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین سەنتەری دەق پارێزراو نیەو لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە، چونکە گورگ جارێک ڕەشەو جارێک سورەو جارێک زەردەو...هتد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (گورگ) بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو خوازراوە. هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگەکان: (ڕەش، سور، زەرد، پەمەیی، سەوز، شین سپی..هتد). وەکو ئاوەڵناوێکی ئاسایی و لە ئەنجامی بێ ئاگاییەکی نەستی شاعیرەوە بەکارنەهاتوون، بەڵکو ئەم ڕەنگانە دالن و چەندین مەدلول لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خۆدەگرن. واتا خوێنەر بەپێی زەمەن و ژینگە و پاشخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مەعریفی خۆی، ئازادە چۆن واتا بەم ڕەنگانە دەبەخشێت. بۆ نمونە ئەگەر چەند ڕەنگێک وەربگرین، دەبینین کۆمەڵێک مەدلولی جیاوازیان هەیە :-

**ڕەش=** تاریکی، ڕەشبینی، بێ هیوایی، ناخۆشی، پرسە، ستەم و زۆرداری، خەم، شەو، مەرگ..

**سور=** شۆڕش، ڕاپەڕین، خوێن، تورەیی، ئاماژەدان، سێکس، یاخی بوون، ئاگر، دڵ، مەترسی..

سپی = پاکی، بێتاوانی، ئاشتی، ئارامی، پیرۆزی، ڕۆژ، خۆبەدەستەوەدان، شەپۆل، ترس، کفن..

سەوز = هیوا، سروشت، ژیانەوە، ئارامی بەخشین، دڵنیایی، خێرو چاکە، گەشەسەندن..

**- گورگ چیە؟**

**(منداڵێک ئەو پرسیارەی کرد)**

*** گورگ دڕندەیە کێویە**

**بەرخ و کارژۆڵە دەخوات**

**پەلاماری مرۆڤ دەدات**

**چەندێ بخوات**

**چەندێ لووش کات**

**- گورگ تێر بوونی بۆ نیە**

**- هەر برسیەو هەر برسیەو هەر برسییە**

**- نەء وا نیە... نەء وانیە**

**ئەم قسانە دەربارەی گورگ ڕەوا نیە**

***ئەی گورگ چیە؟**
**گورگ ئێستاکە... کەڵبەو چڕنوکی نیە**
**بەرخ و کارژۆڵە ناخوات**
**پەلاماری مرۆڤ نادات**


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

وەک من و تۆ شاری و شارستانییە...

* شاڵی بەستووە حاجییە

* بۆینباخی لە ملدایە ئەفەندیە

* بەڵام چیە؟

حەز لە سیاسەت ناکات

ڕقی لە ڕامیاریە

سەر بە هیچ لایەنێک نیە

* نە پارتیە

نە کۆمەڵەو یەکێتیە

نە مارکسی و نە ماوییە

نە پاسۆکە...نە یەکگرتن... نە سۆسیالیست

نە بزوتنەوی ئیسلامیە

نە دەعوەیەو نە بەعسیە

نە پارتی زەحمەتکێشانە

نە سەر بە تورک و ئێرانە

بابایەکی بازرگانەو بازرگانەو بازرگانە..

هەموو شتێک دەفرۆشێ

هەموو شتێک دەکرێ

هەموو شتێک دەفروشێ

* سوخمەی مەمک...تلیاک...دەرپێ

* هەموو شتێ

* هەموو شتێ

* هەموو جۆرەکانی وێسکی و...بیرەو پاکەت...

* هەتیو...ئافرەت

* سەری شەهید... فەرشی مزگەت

* خوێنی منداڵ... بانزین... گاز...نەوت..

* بەرماڵ...تاقمی پەرداخی مەیخانە..

– هەموو شتێ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

– هەموو شتێ

* تەنانەت ئەم نیشتمانە...! (هەڵمەت: ٢٠١٤، ٦٤٥– ٦٤٧)


***

ئەگەر سەیری بەشی سەرەتای ئەم کۆپلەیە بکەین، بەپێی میتۆدی جۆراوجۆر، یاخود بەپێی میتۆدی گشتگیری کاری لەسەر بکەین، دەبینین لە وەڵامی پرسیاری (گورگ چیە؟)دا، پێناسەیەکی لۆجیکی بۆ سروشتی گورک کراوە، کە گورگ (دڕندەیە، کێوییە، بەرخ و کارژۆڵە دەخوات، تێربوونی نیە، چاو برسییە، زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت)، بەڵام دواتر سروشتی گورگ پێچەوانە دەبێتەوە، بەوەی (کەڵبەو چڕنوکی نیە، بەرخ و کارژۆڵە ناخوات، پەلاماری مرۆڤ نادات..)شاعیر لە بنیادنانی دەقەکەدا بە مرۆڤ کردنی بەکارهێناوە، بەوەی کۆمەڵێک ئەدگاری مرۆڤی بە گورگ بەخشیووە. وەکو (شاڵی بەستووە، بۆینباخی لە ملدایە، حەزی لە سیاسەت نیە..) بەمەش توانیویەتی دەقەکە بگەیەنێتە ئاستی شیعرییەت و ئیستاتیکایەکی جوان لە چوارچێوەی دەقەکەدا بەرجەستە بکات. لەلایەکی ترەوە شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئاماژە بەوە دەکات، کە (گورگە مرۆڤ)یش هەیە، خۆی لە سروشتی مرۆڤێکی ئاساییدا حەشارداوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە مرۆڤانە لە گورگ ترسناکترن، چونکە گورگی ڕاستەقینە خوێنی هاوڕەگەزی خۆی ناڕێژێت، بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤانە هاوڕەگەزی خۆیان دەچەوسێننەوە و مافەکانیان پێشێل دەکەن و هەندێکجار خوێنیشیان دەڕێژن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

کاتێک بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکەین، دەبینین دالەکان هەڵگری چەندین مەدلولی ترن و خوێنەر ئازادە چۆن واتای نوێ بە دالەکان دەبەخشێت. هاوکات ئەمەش نابێتە کۆتا واتا، بەڵکو دەق واتای تریش لەخۆدەگرێت. هەروەها دوالیزمی کاتی تێدایە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، لە هەریەک لەم دوو زەمەنەشدا چەمکی گورگ جیاوازەو دەگۆڕێت.




لێرەدا سەنتەری دەق جێگیر نیە، بەڵکو لە جوڵەیەکی دژ بەیەکی بەردەوامدایە، بەوەی گورگ جارێک ئاژەڵێکی دڕندەیە، کە ئەمە سروشتی خۆیەتی، جارێک دەبێتە کەسێکی مۆدێرن و شارستانی و جارێک دەبێت بە حاجی و جارێکی تر دەبێتە ئەفەندی..واتا دەقەکە فرە سەنتەریزمە، مەدلولەکانی گورگ دوالیزمی واتایی و فەرهەنگین.


لە بەشی دووەمی ئەم کۆپلەیەدا، دەقەکە هەڵگری واتای دیارو نادیارە، واتا دیارەکان خۆیان لە وشە فەرهەنگییەکاندا دەبیننەوە. هەروەها لە بنیادنانی دەقەکەدا دووبارە گورگی بە مرۆڤ کردووە، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک کارو ئەدگاری مرۆڤی خستووەتە پاڵ گورگ. { گورگ بێ لایەنەو سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسی ناوخۆیی و هیچ هێزێکی دەرەکی نیە + گورگ بازرگانی دەکات بە هەموو جۆرەکانییەوە). دەتوانین بڵێین هەریەکە لە ناوی حیزبەکان: (پارتی، یەکێتی،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

کۆمەڵ، یەکگرتوو، پاسۆک، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، دەعوە، بەعسی...هتد)، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارهاتوون، هاوکات ئەم دالانە چەندین مەدلولی تر لەخۆ دەگرن.


کاتێک میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەسەر دەقەکەدا پڕاکتیزە دەکەین، دەبینین دالەکان چەندین مەدلولی تر لەخۆ دەگرن، چونکە بەپێی ئەم میتۆدە هەمیشە لە ناو دەقدا بۆشایی و واتای شاراوە هەیە، کە ئەرکی خوێنەرە ئەو واتا نادیارانە بدۆزێتەوە و کۆدەکانی دەقەکە تێکبشکێنێت.

بە پێی پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، بە تایبەتی پرەنسیپی جیاوازی (الاختلاف)، کە تیایدا دەق واتای جیاواز لەخۆدەگرێت. واتا لە دەقدا یەک ئاماژەپێکراو (مەدلول) واتای دیاریکراوی نیە، بەڵکو واتای بێ کۆتایی لەخۆدەگرێت، کەواتە هەریەکێک لە وشەکانی (سوخمەی مەمک، تلیاک، دەرپێ، ویسکی، بیرە، پاکەت، هەتیو، ئافرەت، سەری شەهید، فەرشی مزگەوت، خوێنی منداڵ، بەرماڵ...هتد) دالن چەندین مەدلولی تر لەخۆدەگرن، ئەمەش دەکەوێتە سەر پاشخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری خوێنەر، هەروەک ئەمەش نابێتە دوا خوێندنەوە، بەڵکو خوێندنەوەی تر لەخۆدەگرێت. لێرەدا نمونەی مەدلولی چەند وشەیەک وەردەگرین:-






DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020






DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020




بێگومان وشەکانی تریش، بە هەمان شێوە چەندین مەدلولی جیاواز هەڵدەگرن.

لەم کۆپلەیەدا سەنتەری دەق پارێزراوەو خۆی لە وشەی (بازرگان)دا دەبینێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییە، چونکە ئەم میتۆدە جەخت لەسەر فرە سەنتەریزم دەکاتەوەو پێیوایە دەق بونیادێکی دیاریکراوی نیەو خۆی لە چەق بەستن و سەنتەرگەرایی دووردەخاتەوە. هاوکات هەڵوەشاندنەوەگەرایی گەڕانە بە دوای واتا و داتاکان و دژی چەقێتی واتایەو ڕەتیدەکاتەوە.

**گورگ ئێستاکە بێ چڕنووک و بێ ددانە**

**تۆبەی تەواوی کردووە**

ئەندامی پەڕلەمانە

حەقی لە هیچ شتێ نیە

تەنیا وەستای دروست کردنی گیرفانە

گیرفان . . . گیرفان

پارەی سپی تیا هەڵدەگرێ

بۆ ڕۆژی ڕەش و تەنگانە

* گیرفان. . .گیرفان

گیرفانی قووڵ و زل و پان

– ئەم سەدەیە

– سەدەی گورگی بێ چڕنووک و بێ کەڵبەیە




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

سەدەی گورگی گیرفانە

گورگی گیرفان


* گیرفان . . . گیرفان (هەڵمەت: ٢٠١٤، ٦٤٧ –٦٤٨)

لەم بەشەدا هەست بە واتای دیارو نادیاری وشەکان دەکەین، واتا دیارەکان خۆیان لە وشە فەرهەنگییەکاندا دەبیننەوە. بە هەمان شێوەی پێشوو، شاعیر لە بنیادنانی دەقەکەدا بە مرۆڤ کردنی بەکارهێناوە، بەوەی کۆمەڵێک ئەدگارو کاری مرۆڤی خستووەتە پاڵ گورگ، وەکو:( بێ چڕنووک، بێ کەڵبە، تۆبەی کردووە، ئەندامی پەرلەمانە، وەستای دروست کردنی گیرفانە، پارە هەڵدەگرێت) بەمەش دەقەکە چووەتە ئاستی شیعرییەتەوەو چێژێکی تایبەتی بە خوێنەر دەبەخشێت. ئەگەر بە پێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکەین، دەبینین دالەکانی ناو دەقەکە، چەندین مەدلول لەخۆ دەگرن. بۆ نمونە:–





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020




لێرەشدا سەنتەری دەق پارێزراوە و خۆی لە وشەی (گورگ)دا دەبینێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییە، چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم میتۆدە خۆی لە چەق بەستن و سەنتەرگەرایی دووردەخاتەوە. هاوکات هەڵوەشاندنەوەگەرایی دۆزینەوەی واتا شاراوەکان و پڕ کردنەوەی درزو کەلێنەکانی قوڵایی دەقە. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بەپێی پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەم کارەی ئێمە نابێت بە دوا خوێندنەوە، بەڵکو دەقەکە کراوەیە و چەندین خوێندنەوەی تر هەڵدەگرێت.

## ئەنجام

١- هەڵوەشاندنەوەگەرایی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەقە، بۆیە پاشخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مەعریفەی خوێنەر ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕیت، لە دووبارە بونیادنانەوەو دارشتنەوەی دەقەکەدا .

٢- بە پێی پرنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، دەق کراوەیەو هەمیشە خوێندنەوەی تر لە خۆدەگرێت. واتە جێگەی ناکۆکی و فرە ڕەهەندییە، نەک یەک دەنگی و یەک ڕەهەندی . دەقەکەی لەتیف هەڵمەتیش، دەقێکی کراوەیەو داخراو نیە، واتا خوێندنەوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

٣- ئەم دەقەی لەتیف هەڵمەت بونیادێکی دیاریکراوی نیەو خۆی لە سەنتەریزم دووردەخاتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە پرنسیپەکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی.

٤- ئەم دەقە شیعرییەی لەتیف هەڵمەت، شێوازێکی نوێی شاعیرە بۆ وێناکردنی دیمەنە ناشرینەکانی دەسەڵات، لێرەدا دابڕان لە نیشتمان و ڕەخنەگرتن، جێگای پەیوەستبوون بە نیشتمان دەگرێتەوە .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# Latif Hllamt's Text "The Operate of Wolf Changes" In The Light of Deconstruction Approach

**Nahida Hussien Abdwlrahman**
Kurdish Depertment, College of Basic Education, Universty of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Nahida-barzinji@uor.edu.krd

## Abstract:

Deconstruction is a critical approach which was appeared after Construction approach. Deconstruction is an approach to understanding the relationship between text and meaning. Jacques Derrida is known as the father of Deconstruction.

The title of the study is Latif Hllamt's text "The operate of wolf changes" in the light of Deconstruction approach.

This research is a scientific attempt to analyses a specific part of Latif Hallmat's text in terms of Deconstruction. As long as the text is too long we have taken a part of the text to deal with.

The research contains three sections. The first section is the definition the term of Deconstruction. The second section is about the history and philosophy of Deconstruction. The third section is about the application of the approach. At the end some conclusions and list of references are presented.

**Key Words**: Methodology, Deconstruction, Sign And Symbol. Reader Autonomy.

## سەرچاوەكان:

بەرزنجی (د. عەلی تاهیر بەرزنجی): ٢٠١٤، چەند توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

برێسلێر (چارلز برێسلێر): ٢٠٠٧، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەكانی، و:عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاو كردنەوەی ئاراس، هەولێر .

ڕەشید (د. فوئاد ڕەشید): ٢٠١٨، میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر .

حسەین (د. عەلی تاهیر حسەین): ٢٠٠٨، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزەكردن، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

قطوس (د. بەسام قطوس): ٢٠١١، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

مەنتك (حەمە مەنتك): ٢٠١٨، میتۆدەكانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەكەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر .

هەڵمەت (دیوانی لەتیف هەڵمەت): ٢٠١٤، (سەرجەم شیعرەكانی لەتیف هەڵمەت)، چاپی یەكەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپكردن و بڵاوكردنەوە، سلێمانی .

حەسەن، گەردی (م.ی عەبدولستار پیرداود حەسەن، پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی): ٢٠١٢ پراكتیزەكردنی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە لە شیعری پایزی گۆرراندا، گ.(زانكۆی ڕاپەڕین)، ژ، (٢٣) .

مەحمود (پ.ی.د.شنۆ محەمەد مەحمود): ٢٠١٨، شیكردنەوەی چەند دەقێكی شیعریی بە پێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، گ.(زانكۆی ڕاپەڕین)، ژ.(١٥) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هەڵمەت (شیرین لەتیف هەڵمەت): ٢٠٠١، هەڵوەشاندنەوە: عەلاماتەکانی دریدا، گ.(گەلاوێژی نوێ)، ژ.(٢٦)، سلێمانی .

عەبدولستار پیرداود حەسەن: ٢٠١٠، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین .

الحرب (علی الحرب): ٢٠٠٥، هكذا اقرآ ما بعد التفكيک، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت .

الدركاوي (هشام الدركاوي): ٢٠١١، التفكيكية، التأسيس والمراس، تقديم و مراجعة د. الرحالي الرضواني، ط١، دار الحوار للنشر والتوزيع .

حمداوي (د. جميل حمداوي): ٢٠٠١ ، نظريات النقد الادبي في مرحلة ما بعد الحداثة، مؤسسة المثقف العربي .

عناني (د.محمد عناني): ٢٠٠٣، المصطلحات الادبية الحديثة، دراسة ومعجم انكليزي- عربي، ط٢، الشركة المصرية العالمية للنشر، القاهرة .